**وەزارەتی دارایی و ئابووری**

**ژمارە : ١٥٩/٤/٩ لە ٢٠١٧/١/١٣**

## ڕێنمایی دارایی ژمارە ( ٥ )ی ساڵی ٢٠١٧

## ڕێنمایی خەرجکردنی پارەی هاندان

بەپێی ئەو دەسەڵاتەی پێماندراوە و لەسەر ڕاسپاردەی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران و لە پێناو بەرژەوەندی گشتی و پرۆسەی خوێندن و باشترکردنی بارودۆخی داراییان بڕیاردرا بەخەرج کردنی هاندان بۆ سەرجەم بەڕێوەبەری قوتابخانەکان و یاریدەدەری قوتابخانەکان ومامۆستایان و توێژەرە کۆمەڵایەتیەکانی میلاکی وەزارەتی پەروەردە بەم شێوەی خوارەوە:-

١- خەرج کردنی بڕی (١٥٠٠٠٠) تەنها سەدو پەنجاهەزار دینار بۆ بەڕێوەبەری قوتابخانەکان و یاریدەدەری بەڕێوەبەری قوتابخانەکان و مامۆستایان و توێژەرە کۆمەڵایە تیەکانی قوتابخانەکان کە لەدەرەوەی سەنتەری پارێزگاکان و قەزاکان دەوام دەکەن

٢- خەرج کردنی بڕی (١٠٠٠٠٠) تەنهاسەد هەزار دینار بۆ بەڕێوەبەری قوتابخانەکان و یاریدەدەری بەڕێوەبەری قوتابخانەکان و مامۆستایان و توێژەرە کۆمەڵایەتیەکانی قوتابخانەکان کە لەسەنتەری پارێزگاکان و قەزاکان دەوام دەکەن

٣- ئەم هاندانە تەنها بۆ توێژەکانی سەرەوە خەرج دەکرێت کە لەسەر میلاکی قوتابخانەکانن و دەوام دەکەن.

٤- ئەم هاندانە ئەو مامۆستایانە ناگرێتەوە کە تەنسیب کراون بۆ دام و دەزگاکانی تر و لەقوتابخانەکان دەوام ناکەن.

٥- ئەم هاندانە لەسەرجەم مۆڵەتەکاندا دەبڕدرێت جگە لە مۆڵەتی ئاسایی و مۆڵەتی پێش لە دایکبوون کە (٢١) رۆژە

٦- دەبێت مامۆستایان بەشە وانەی هەفتانەیان تەواو بکەن و بە پێچەوانەوە بۆ ماوەی مانگەکە بۆیان خەرج ناکرێت و ئەم بڕگەیە لە ڕێکەوتی ٢٠١٧/١/١٥ ەوە جێبەجێ دەکرێت

٧- ئەم هاندانە مانگانە بە لیستی جیا خەرج دەکرێت.

٨- ئەم ڕێنماییە لە رێکەوتی ٢٠١٦/١٢/١ ەوە جێبە جێ دەکرێت بە ڕەچاوکردنی خاڵی (٦)ی سەرەوە وە لە رۆژنامەی فەرمی (وەقایعی کوردستان) بڵاودەکرێتەوە.

**ڕابەر صدیق محمد**

**بریکاری وەزارەت بەوەکالەت**